

# پەیوەندییە بنەوییەکانی کەپیتالیزم بە
# پڕۆسێسی دیموکراتەتیزەکردنی کۆمەڵگاوە

**جەزا چنگیانی**

( کەپیتالیزموز سیستەمێکی ئابوورییە کە ئیمڕۆ کەنترۆڵی جیهان دەکات ) *1

ئەوەی ئیمڕۆ لە جیهاندا وەك وولات و کۆمەڵگای دیموکراسی ناسراوە , وولات و کۆمەڵگای سەرمایەدارییە

A ) ئەورووپای ڕۆژئاوا . سەرچاوەی بزوتنەوە فەلسەفیەکان و تیورە ئەدەبی و هونەریەکان . گەشەکردنی سەرمایە و تەکنەلۆژیا بووە . ئەم بزوتنەوە و گەشەکردنانەش بوون بە هۆی چەند شۆڕشێك . ئەو شۆڕشانەش . تەکانی ڕەوتتیژیان بە ژیانی ئەورووپیەکان دا :

1 ) شۆڕشی پیشەسازی

2 ) شۆڕشی فرنسی

3) مۆدیرنیزم :

ئەم شۆڕشە فاکتەریانە , سەرخان و ژێرخانی ئابووری و ئاوزانە کلاسیکێیەکان و بیرکردنەوەی خەڵکی و پەیوەندیەکانی نێوان چینە جیاکانی کۆمەڵگا گۆڕی . واتە ناوەڕۆك و شێوەی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان وشێوەی گشت بەرهەمە زهنییەکان ( فەلسەفە , ئایدۆلۆژی بە هەموو تەوژمە جیاکانیەوە و تەنانەت پەیوەندیە ڕوحیەکان کە لە ئایدۆلۆژی ئایین لە قالبدرابوون وکەنیسەش بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری دەهانین لە ئاستی بزوتنەوەی مۆدیرنزم و تەوژمە تیژڕەوەکانی پێشکەوتنی مرۆڤی ئەورووپی توشی شکستی بوون ) . بەتایبەتی ڕۆلیٚ مەزنی ڕوشنبیرانی شۆرشی فەرنسی فیکتۆر هیگۆ و ڕۆشنبیرانی ئەڵمانی هیگل , کانت . نیچە , کارل مارکس و مارتین لۆتە ......دەتوانری ئەمانە بە ڕەگی زیندوی ڕۆحی مۆدیرنزم لە جیهان و ئەورووپادا ئاماژەبکرێن ) . یەکێك لە خەسلەتە جوانەکان و بە کەڵکەکانی ئاوزانی سیاسی مۆدیرن ئەوەیە بتوانی لە نێوان کێشەکانی کۆمەڵگادا بە ( ئارامی ) نەك توند و تیژی , جەنگ , خوێن ڕشتن و مرۆڤ کوشتن پارسەنگی

تەرازووی بەرژەوەندیە جیاوازییەکانی کۆمەڵ بپارێزێ . توند و تیژی بەکارهێنانی چەك و کوشتنی مرۆڤ و جەنگ بۆ چارەسەری کێشەکان. ئەنجامەکەی هەر چۆنێك بێت . هەردوو لای جەنگ دۆڕاون . درنگ یان زوو دەبێ هەردوولای جەنگ لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆتایی بە کێشەکانیان بهێنن . بۆیە ئاوزانە مۆیرینەکان جەنگە خۆیناوییەکانیان گۆڕی بە گەمەی بێ زیرۆ ( صفر ) یانی هەردوولای گرفت و خاوەن کێشەکان ویست و ئارەزوو و بەرژەوەندیەکانیان لە ئەنجامی کۆنفلیکتدا نەدۆڕاند بەڵکو هەریەکە لە لای خۆیەوە دەستکەوتێکی مسۆگەر کرد . لە دێر زەمانەوە کێشەی سنور و کێشەی چینایەتی ( کار و سەرمایە ) و بەرژەوەندی بازار . مرۆڤی تووشی جەنگی خوێناوی کردبوە . وەلی دوای تێگەیشتنی ئەوروپییەکان لە پەیوەندیەکانی نیوانیان پاراستنی ( پیرۆزی سنور و کێشەکانی کۆمەڵگا) نەك بە چەك بەڵکو بە پەسەندکردنی بەرژەوەندیەکانی نیوانیان . چارەسەرکرا . ئەم ڕاستییە بوو بە ئاوزان و بیردۆزی سیاسی ئەوروپییەکان و بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی درێژخایانی نیوان ئەڵمان و فرنسیەکان و خۆیندنەوەیەکی ژیرانەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم لە لایەن ئەوروپییەکانەوە . ئەنجامی ئەم تێگەیشتنەش ( یەکیتی ئەوروپی ) بوو . نهێنی هێزی گۆڕان و تێگەیشتنەی ئەوروپییەکان لە چیەوە هاتوە ؟؟ بێگومان ئەو هێزە نهێنیەی ئاوزان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگای ئەوروپی گۆڕی پەیوەندیەکانی نێوانیانی لە بناغەوە هەڵکیشا ... (ڕۆحی بزوێنەری کەپیتاڵ) بوو .کەپیتال خاوەنەکەی کەپیتالیزمە . لوتکەی فەلسەفەی کەپیتالیزم یش لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بێت پاراستن و قەبەکردنی کەپیتالەکەیەتی.ئەم ویست و خەوەش نایەتە دی . ئەگەر چین یان تویژە دژ بە کەپیتالیزمەکە واتە (پرۆلیتاریا) کریکاران کە ڕۆحی بزوێنەری کەپیتالن . ڕێزو حسابیان بۆ نەکرێت . کەپیتالیزمی ئەوروپی زۆر دەمێکە خاوەنی فەلسەفە و بەرنامەی چینایەتی خۆیانن . بۆیە بەوە هوشیاربوون ...کە خۆیان و کەپیتالەکەیان تەمەنیان کورت و لاواز دەبێ ئەگەر بیر لە بەرژەوەندی چینەکانی تری دەرەوەی چینی کەپیتالیزم نەکەنەوە . ئەوەی کەپیتایزمی بەرەو لوتکەی مەزنی دەبا بڕوابوونیانە بە ( گۆڕان ) لە هیز وکار و شێوەی بەرهمهێنان و بەرهەمدا .ڕەوشتی سەقامگیری کۆمەڵگای سەرمایەداری گۆڕانی هەمیشەییە .لە کۆتای سەدەی 17 بورجوازی شارنشینەکانی بریتانیا بوون بە هیزی سیاسی وولات . لە سەدەی 18 لە فرنسا , لە سەدەی 19 دەسەڵاتی سیاسی جیهانیان گرتە دەست *2 . تائیستاش بەردەوامە . ( ئەگەر کۆمەڵگا بریتی بێ لە یەکەیەکی لکاوی لکە جیاوازییەکانی کۆمەڵ) ( چینەکانی کۆمەڵ ) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکەی لکاوی سەرەکی واتە ( کۆمەڵگا ) پێویستە یەکە

لكاوه جیاوازەكانی كۆمەڵگا حساب و ڕێزی یەكتری بگرن و جیاوازییەكانی نێوانیان پەسەند بكەن . ئەمەش لە سەر ڕادەی سنوری بیركردنەوە و هوشیاری یەكەكانی كۆمەڵ دەوەستی .

بیركردنەوە و ڕێزی كەپیتالیزم لە چینی پڕۆلیتاریا . هوشیاری كەپیتالیزم نیشاندەدا ومیكانیزمی كەپیتال مسۆگەردەكات . چەند كەپیتالیزمی ئەوروپی ڕۆڵ و ڕێزی لە میكانیزمی گۆڕانكارییە كۆمەلایەتی وسیاسی و ئابوورییەكاندا هەبوە و هەیە ئەوندەش پڕولیتاریا بە هاوبەشی و تێگەیشتن و پەسەندكردنی بەرنامەی كەپیتالیزم , ڕۆڵی هەبوە و هەیە . كریكاران هوشیاری چینایەتیان فیریكردن كەپیتالی (معنوی) واتە ( هێز و بازوو ) ئەوان . كەڵكی نیە ئەگەر تێكەلاوی كەپیتالی (مادی ) واتە (كەپیتال ) ی كەپیتالیزمی نەكەن . ( یانی تێكەلاوكردنی هەردوو هێزی كار ( كەپیتالی كەپیتالیزم (مادی ) و كەپیتالی پڕۆلیتاریا هیز وبازوو (معنوی ) . بەم جۆرە هەردوو هێزی كار (كەپیتالیزم و پڕۆلیتاریا ) خزمەتی یەكتریانكرد و بە هەموو جیاوازییە چینایەتەكانیانەوە یەكتریان پەسەندكرد و یەكەیەكی پتەو واتە ( كۆمەڵگا ) وسیستەمێكی دیموكراسیان بنیاتنا. وەك هیگل دەڵێ : ( مرۆڤی دیموكرات خەبات دەكات لەپێناوی بە دەستهێنانی كەسایەتی و تێركردنی ویستەكانی ) . لە رەحمی ئەم پڕۆسێسەشدا ئایدلۆژی ( سوسیال دیموكرات ) لە دایك بوو . وەلی بە بەیەك گەیشتنی ئەم دوو چینە دژە ( پڕۆلیتاریا و كەپیتالیزم ). بە ڕێگەی دیالۆگ و دروست بوونی سوسیال دیموكرات تەواوی كێشەكانی كۆمەڵگا چارەسەرنەكرا . بۆ چونكە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی ( سیستەمی دیموكرات ) پێكهاتەیەكی زیندوو و بزیووە و سنووری ( بەستوو ) پەسەند ناكات و هەمیشە بە هەموو شێوەكانیەوە لە بزواندن و فیچقەكردنی بەرهەمدایە . لە رەحمی كەپیتالیزمدا كەبەشێكی ئەكتیفی كۆمەڵگایە وزەیەكی بەردەوام بۆ گەشەكردن وبالابوونی كەپیتالیزم و كەپیتلەكەیان هەیە . بە پێی ئەم پڕێنسیبە كە چارەسەری كێشەی چینایەتی نیوان ( كەپیتالیزم وپڕۆلیتاریا ) كرا . كێشەی نێوان دوو جەمسەری ( چینی كەپیتالیزم ) ئاوسا , ئاوسانێكی پیویستی چینایەتیان .واتە هەریەكی لە چمكی هێزی كەپیتال لە هەوڵی قۆرخكردنی بازاڕی ئەوی تردابوو . ئەم كیشەیەش ئەدموسفیری ئازادی بازار و لیبڕالیەتی هانیە بوون .

هەموو وولات و سیستەمێكی كۆمەلایەتی ئەگەر لە دۆرگەیەكی تەنیای ناوئۆقیانووسیشدا بێت. بۆپاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەكانیان . پیویستیان بە هێزێكی یاسایی هەیە . سوكرات دەڵێ : ( لە نێۆ كۆمەڵی چەتەشدا . بەرژەوەندی هاوبەش هەیە )*3 دارشتنی یاسای خێڵەكی , خێڵێكی پڕێمتیفیش كە دادەڕێژڕێ لە پێناوی پاراستنی كەسایيەتی

ئابووری خێڵەکدایە . یاساکانی وولاّتانی سەرمایەداریش وهێزی پۆلیس و سوپا و دەزگاکانی نهێنیش لە ئاست ویستی کۆمپانیا بەرژەوەندیدارەکان دروست بووە . بۆیە سەیرنیە کە دەزگای نهێنی ئەمەریکی (CIA) کۆمپانیا پترۆڵیەکان دروستیانکردوە . پارستنی مولکیتی تایبەت ویاسای باج و چاودێری ئابووری لە لایەن دەسەلاّتی قەزاییەوە یانی لەمپەردانان لەبەردەم دروستبوونی دەسەلاّتی مافیادا . لەبەر ئەوەی هەروولاّتێك چاودیری ئابووری یاسای بەهێزی نەبیّ .. ئەوە کەڵەکە بوونی کەپیتالی بیّ چاودیر لەلای تاکەکانی کۆمەڵ . دەستەی مافیا دروستدەکات . بەم جۆرە یاسا بنەڕەتیەکانی دەوڵەتی دیموکراتی بالاّدەسترە لە دەسەلاّتی تاك و تاکەکانی کۆمەڵی دیموکراتیش لە ئاست یاسادا یەکسان نن . مافیان پاریزراوە . لیپرسینەوەی ( هیلموت کۆل ) سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەڵمانی . دادگایکردنی لە ئایندەدا لەسەر وەرگرتنی 10 میلوین دولار بە قاچاخ لە بازرگانیك نمونەی یاساکانی کۆمەڵگای دیموکراسیە . گەر لە کرۆکی یاساکانی کۆمەڵگای دیموکراتی و بنەمافکریەکانی دینی مسیح بکۆڵینەوە جۆرە نزیك بوونەوەیەك هەیە بۆیە نیچە و هێگل لە سەر ئەوە ڕێکن کە دینی مسیح ئایدۆلۆژی کۆیلەکانە . دیموکراسیەتیش وێنەیەکە لە مەسیحەیەت . دیموکراسیەکان دەڵێن هەموو کەسێك لە بەرامبەر یاسادا هاوبەشن . میسحیەکانیش دەڵین هەموو کەسێك بەرامبەر بە خوا وەك یەکن . ئەم نزیك بوونەوەی دوو ڕۆحە بنەمای پەیوەندیە ئابوری و کۆمولاّیەتیەکانی لەسەر بنیات دەنرێت .

یەکێك لە ڕووە جوانەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی ( ئازادی میدیایە ) ئازادی میدیاش هەر لە هێزی ئازادی بە گەڕخستنی کەپیتالەوە هاتووە , ئەویش بەوەی هەریەکێك لە لق یان چمکەکانی میدیا لە پێناوی کۆکردنەوەی زۆرترین خوێنەر و بینەر و بیسەر لە خۆی هەوڵدەدا زەقترین کێشەکانی ڕۆژ و مرۆڤ بووروژێنی . بە دوای ئەو بابەتانەدا وێڵ دەبن کە مرۆڤی سەردەم پیویستیتی . چۆن کارگەیەکی پۆشاك دروستکەر هەوڵدەدا زۆرترین کریار بۆ بەرهەمەکەی پەیدا بکات . دەزگاکانی میدیاش گشت گوڤار و ڕۆژنامە ودەستگاکانی پەخشی وینە و دەنگ . لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لەسەر سەرماییەی تایبەتی دامەزراون یانی سەرمای بەگەرخستنی سەرماییەکی ئازادە . ناکۆکیانی دوو لقی میدای ناکۆکی سەرمایەیە . ئەگەر ئایدۆلۆژیش بیّ ئەوە میدیا دژەکان هەریەکەیان ڕووی ئایدۆلۆژیەك پیشان دەدەن کە کۆمەڵگایان پێکهێناوە .ئەو ئایدۆلۆژیانە یەکتری ناخۆن بەڵکو لە سەر ئاستی بەرژەوەندی زۆربە یان (نەتەوە ) چاودێری یەکترین . بە هۆی ئەم پرۆسیسە چرەی نێوان دوو دەزگای میدایا وە( ئازدای میدیا و لیبریالیەت ) هاتە بوون . هەروەك سیستەمی

**بازار و ناکۆکی چمکەکانی کەپیتال و دروست بوونی لیبریالیەتی بازار و بەگەڕخستنی کەپیتال بە ئازادی .**

**( ئەگەر دیموکراتیەت بریتی بێ لە ئازادی تاك  بە هەموو جەمسەرە فەلسەفیەکانیەوە .. ئەوە تێگەیشتن و پەسەندکردن و ڕێزگرتنی یەکە جیاوازیەکانی یەك کۆمەڵ یانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا )**

**B ) وولاتانی تری دیموکراسی سەرمایەداری دەرەوەی ئەوروپا ( ئەمەریکا . ئوسترالیا , کەندا . ئیسرائیل ) دانیشتوانی ئەم وولاتانە لە ڕەسەندا کەسانی ئەوروپین . بە کاتی کۆچکردنی ئەوروپیەکان بۆ ئەو ناوچانە , ئەوروپیەکان لە تەك خۆیاندا تەنیا کەپیتالیان نەبرد . بەڵکو ڕۆحی کەپیتال ( هزری بەگەڕخستنی  کەپیتال ) و ئاوزان و هێزی ڕۆحی ( ئایین ) یشیان برد و لە ونیشتمانە نۆیانەدا پیادەیانکرد. بۆیە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکرات لەو نیشتمانە نۆیانەدا ئاسان وخێراتر فراوانتر گەشەیکرد وەك لە نێو کۆمەڵگا پریمتیف و کۆنە تەمەن چەند هەزار سالانەی وەك وولاتانی ئیسلام و جیهانی سێهەم کە تائیستاش لە ژێر دەسەلاتی دیکتاتۆریتی ئایین وخیزانی پڕێمێتیف و دکتاتۆریتی سەربازیدا چەقیون .**

**C ) وولاتانی تری کەپیتالیستی وەك خۆاروی کوریا و یابان . ئەم دوو وولاتە تایبەتمەندیەکی تایبەتیان هەیە . لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە و دابەشبوونی جیهان بە دووقاشی دژ بەیەك . سەرکردەی کەپیتالیستی جیهانی ئەمەریکا . بۆ لە دەستنەدانی خواروی ئاسیا و بەرنگاربوونەوەی شەپۆلی کۆمۆنیزم .کەمکردنەوەی دەسەلاتی  (ستالین , ماوتسینغ تۆنگ و کیم ئیلسۆن ) کۆمەکیکی ئابوری و سیاسی بە گەلانی باشوری کۆریا ویابان کرد بۆ بیناکردنی سیستەمێکی کەپیتالیزم تا ببیتە لەمپەریك لەبەر دەم ڕەشەبای تورەی کۆمۆنیزمدا . بێگومان گەشەکردنی کەپیتالیزم و دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتی دوو فاکتەریکی تریشی هەبوو کە ( ویستی گەلانی ئەو دوو وولاتە و بنەمای چینایەتی بورجوازی لەو کۆمەڵگایانەدا و دوورە پەریزبوونیان لە ئایینی ئیسلام و گەشەکردنی تەکنەلۆژیایەکی مۆدیرن وتێگەیشتنیان لە سیستەمی ئابوری وسیاسی و ژیانی مۆدیرن ).**

**سەرنجێك لە خاڵی (B) دەکرێ خۆینەر پرسیارێکی لا دروست ببێ . بلی چۆن دەتوانین بە ئیسرائیل بلێن دیموکراسی لە کاتێکتدا بەوشێوە دڕندەیە عەربیەکان دەچەوسینیتەوە ؟؟ تێنەگەیشتنی  ئیسرائیلەکان و عەرەبەکان لەیەکتری تەنیا جیاوازی نێوان ئایینی جولەکە وئیسلام نیە . بەڵکو جیاوازی دوو هزرە کە لە بەرهەمی دوو سەرمایەی جیاوازەوە هاتوە .**

ئیسرایلیەکان کە زووربەیان کەسانی کۆمەڵگای ئەورووپی نا ئیسلامن هزریان هزری کەپیتالی تەکنەلۆژیایەکی مودیرنی سەردەمە . هزری عەرەب و فەلسەفەی ئیسلام بەرهەمی سامانی کشتوکاڵێکی پریمیتیفی خێڵی سەدەکانی بەردینە . ئیسلام کە پانتایەکی فراوانی لەبیرکردنەوەی عەرەب داگیرکردوە .لە نیوەدۆرگەی عەربیدا لە قوتابخانەی سامانی خێڵی پریمیتییفی عەرەبەوە کە دزی و زۆرداری و وداگیرکردنی زەوی زاری ماڵی خەڵکانی لاواز و نائیسلامەوە دروست وگەشەیکردوە . ڕاستی ئەم بووچونەش لە قورئاندا سورەتی ( الانفالدا ) زۆر بەڕوونی ئاشکرایە. کەواتە سامانێك کە ئەنجامی تەکنەلۆژیایەکی پیشکەوتوودا ببێتە کەپیتالێك . بیر و هزری پیشکەوتن مۆدیرنزم نوێخوازی دیموکراسی لە تەك خۆیدا دەهێنێ . سامانێکیش سەرچاوەکەی دزی و تالانی ومافیا بێت بێگومان کۆمەڵگا و سیستەمێکی دارستانی دێنیتە بەرهەم وەك وولاتانی ئیسلام . بەم هۆیەوە (ئیسرائیل وعەرەبەکان بوون بە خاوەنی دوو شترۆکتوری دوو سەرچاوە و دووقوتابخانەی دژ بەیەکن ) بۆیە ئەم جیاوازیە بۆتە دروستبوونی دوو هزر . زۆر زەحمەتە ( عەرەب وئیسرائیل ) لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانن لەسەر بەرنامەیەکی مۆدیرن یەك بگرن . بەڵگەش دروست بوون و گەشەکردنی ( حماس ) لەم سەردەمەدا. مادامێکی (کەنار و چەق ) یەکەیەکی دژ بەیەکن . چەق کە هێزی ئیسرائیلە و کەناریش عەرەبە و پەیوەندیان دیالیکتکی نیە . کەنار و چەق نەك یەکتری تەوا ناکەن بەڵکو هەریەکەیان هەوڵی خۆاردنی ئەویتریان دەدا .بۆ چونکە هزری پریمیتیفی عەرەب و قورئان هەمان هزر و کولتوری سەردەمی ( خەیبەرە) و کولتورەکەیان ڕیفۆڕم پەسەند ناکات کۆمەڵگاش بێ ڕیفۆرم ناتوانرێ لە پیویست و فەلسەفەی ڕۆژ تێبگات . عەرەبەکان ژیانی خۆیان بە پێکەوە بوونیان لە تەك ئیسرائیلیەکاندا نابینن . گەرەکیانە ژیانیان لە قەلاچۆکردنی ئیسرایلیەکانەوە مسۆگەربکەن . ئیسرائیلیەکانیش بەرنگاربوونەوەی پرێمتیفی عەرەب بە فاکتەر و هێزی بوونی خۆیان دادەنێن .تێنەگەیشتنەکەیان لە تینگەیشتنی دوو کولتورەوەیە . کە لە قوتابخانەی دوو سەرمایە و کەپیتالی دژبە یەك گەورەی کردوون .

ئێمە کە بڕوامان وابێ کە کەپیتال هۆی وەرچەرخانی هزری کۆمەڵگایە بەرەو پرۆسێسی دیموکراتی . کەچی لە هەمان کاتدا خاوەن سامانێکی زۆر لە ناو میللەتانی پرێمتیفی ( کورد وعەرەب و فارس ) دا هەیە و کەچی کۆمەڵگاکانیشیان کۆمەڵگای دیموکراسی نین ؟ توێژە خاوەن سامانەکەی کۆمەڵگاکانی ناوبراو سەرچاوەی پەیدابوونی ئەو سامانانەیان ئەنجامی پیشکەوتنی تەکنەلۆژیاو هزری ئەومیلەتانەوە نەهاتووە . بەڵکو ڕێکەوتە .سامانی کورد و عەرەب و فارس سامانی پیترۆلیە و پەیوەند بە ڕێکەوتی سروشتیەوە هەیە کە

خاکەکەیان دەوڵەمەندە بە پیترۆڵ . ( پترۆڵ سامانە نەك کەپیتاڵ ) **سامان تا نەچێتە پرۆسێسی ئابووریەوە نا بێتە کەپیتاڵ و ناتوانێ رۆڵی سەرەکی لە پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا ببینێ** . ئەوانە چونکە ئاوزانی بەگەڕخستنی سامانیان نیە دەبینین نەك نەیانتوانیوە سامانەکانیان لە پرۆژە زیندوەکاندا بگەڕینن و بیکەن بە کەپیتالی لەشێکی ئابووری کە تێدا چینەکانی کۆمەڵگا ببزوێنێ بۆ ئاسودەی و بەختیاری میللەتاکانیان بەکاری بهێنن , بەڵکو بۆتە هۆی نەگبەتی وشەری نێوانیان . وەك جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ( عیراق وئیران ) ولە دەستدانی ( 433,3 ) بلوین دۆلار لە ماوەی ساڵانی1980 تا 1988 *4. تائیستاش ئەو دوو وولاتە ئەنجامی شەڕەکە نازانن هەرەوها سعودییەکان هەرچەندە خاوەنی گرفتێکی سیاسی هێندە قەبە نین کە پێویستیان بە چەك هەبێ کەچی چونکە سامانێکی خەیاڵی پترۆلیان لە بەردەمدا ڕژاوە لە ماوەی 10 ساڵدا بای ( 30 ) ملیارد دۆلار چەکیان لە ئەمەریکا کڕیوە . کە دەتوانری بەو ( 30 ) ملیارد دۆلارە هەموو برسی و بێکارەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تیر نان بکەن *5 . بۆیە دەبینین ئەو میللەتانە نەدیموکراسین و نەئارامیان بە میژوویانەوە بینیەوە .. لە ئایندەیەکی نزیکیشدا نایبینن . هەروەك ( چیلی ) جیگری سەرۆك کۆماری ئەمەریکی دەڵی قسەکردن لە مەڕ گۆڕان و دیموکراتیزەکردن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا تەنیا ئاریشکردنە (میکیاچ )ە *6 ڕێکەوتن نیە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تەنیا لە جیهانی سێهەمی نادیموکراسیدا ( 18 ) ملوین مرۆڤ لە ئەنجامی 120 جەنگدا کوژراون بێجگە لە جەنگی سەرووی ئیرلەندا, دورگەی فوکلاند, باسکەکانی ئیسپانیا*7

C ) کۆمەڵگای ( ڕەش وسپی ) خواروی ئەفەریقا تێگەیشتنەکەیان بە هۆی هزری کەپیتاڵی دەرەوەی خواروی ئەفریقا کە زوربەی کەپیتالی ئەڵمانی ( مارسدیس و بیئیم ڤی ) و گۆڕینی سامانی (ئەڵماس ) و سەرچاوە سروشتیەکانی تر بە کەپیتال لە پرۆسێسی ئابووری زیندودا و تێگەیشتنی مەندیلا لە سیاسەتی ڕۆژ و گۆڕینی ئاوزانی سیاسی خۆی لە مارکسیتێکی توندڕەوی ڕەقوتەقەوە بۆ دیموکراسیخوازێکی پیشکەوتوخۆاز بوو.


- 1 راسماليه القرن 21 ... روبرت هيلبرونر ,,, مركز الاهرام
- 2 سەرچاوەی یەکەم
- 3 نهايه التاريخ والخاتم البشريه .... فوكوياما
- 4 الاقتصاد العراق ... د . عباس النصراوى ... دار الكنوز الادبيه .. 1995
- 5 Hans Leyendecker… Die Lügen des Weissen Hauses …2004

- 6  سەرچاوەی ژمارە 5
- 7 نصر بلا حرب .. ڕیتشارد نیکسۆن

فرانکفۆرت    2004 /06/04

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de